# گوله بە تاریکی وەنان کەی کاری رۆشنبیرانە ... مەلا جەعفەر گوانی

J_gwani2005@yahoo. com

شتێکی چاوەڕوانکراو بوو کە یەکێکی وەك بەڕێز عەبدولوەهاب عەلی دژی مامۆستایەکی ئایینی گۆشەکەی خۆی پێ پڕ بکاتەوە، چونکە لەوەتەی من شتەکانی ئەو بەڕێزە دەخوێنمەوە و گوێم لە قسەکانی گووتووە جگە لە باسکردنی عەقیدە و ئیسلامی ئایینی خەڵکی کوردستان و مامۆستایانی ئایینی شتێکی دیکەی نەگووتووە، تا ئەوەی ئەگەر بۆ هەر باسێك قسەی کردبێت هەر هاتۆتەوە سەر باسی مزگەوت و زانایانی ئایینی، ئەوە بەداخەوە بۆتە نەخۆشیەك بۆ برا بەڕێزە، بەمەش بەمەش بەڕێزیان هەمیشە کاری بابەتیانەی لە ناو نووسینەکانی خۆی فەوتاندوە، باسی هەر شتێك بکات مرۆ زوو دەوزانێت کە دەیەوێت لە دوایی چی بڵێت.

بەڕێزیان لە ژمارە (1968) ی (2005/11/9) باس لە زانایەکی ئایینی دەکات کە گوایە لە وتاری هەینی باسی گۆرانی بێژی تورکی بە رەچەڵەك کورد ئیبراهیم تاتلیسازی کردووە، ئەو دەڵێت بۆ ئەو مامۆستایە باسی ئیبراهیم دەکات مەگەر ئیبراهیم کورد نییە، بەڵام بارودۆخی کوردستانی باکور وای کردووە کە بەم شێوەیە بێت، لێرەدا سەیرەکە لە چەند خاڵێك دەردەکەوێت، یەکەمین شت هەر مرۆڤێکی وشیار تەماشای ریکلامەکەی بکات پێکەنینی دێت، چونکە گۆرانیبێژێکی کورد قسە بۆ کۆمپانیایەکی کوردی دەکات و دێتە کوردستانێکی ئازاد بۆ خەڵکی کوردکۆنسێرت ساز دەکات، کەچی ئەو ریکلامەی بۆ ئێمەی دەنێرێت بە زمانی تورکییە، وەك بڵێی قسەکردن بۆ کوردان بە زمانی کوردی حەرام بێت. دووەم: ئەگەر وایە لەبەر ئەوەیە کە ئەو بەڕێزە بە تورکی گۆرانی پێشکەش دەکات چونکە خەڵکی کوردستانی باکورە، بەڵام بۆ ئەو بەڕێزانە نابینن مەگەر هەر بێك لە شەهریڤان و شڤان پەروەر و کازۆ و دیار و . . . ئەوانەش خەڵکی کوردستانی باکور نینە. سێیەم: ئەو گۆرانیبێژە کە لەگەلڕ رێکخراوی نەتەوە یەکگرتووەکان هاوکاری بۆ هەژارانی بۆسنە و سربیا و ناوچە تورکەکان دەنێرێت، مەگەر نەیدەتوانی شتێکیش بۆ هەژارانی کوردستان بنێرێت، بەڵام لەوانەیە هەر نەیزانیبێت کە کوردستان گوندێکیشی سوتاوە یان روخاوە، یان چەندانی ئەنفال و کیمیاباران کراون، یان لە بری ئەوە دێت لە زاری ئێمەی دەردێنێت و دەیباتەوە پێشکەش بە رۆڵە تورکەکانی دەکات، ئاخر خۆی کاتێك ئاودیو بکات پێنج ملیۆن دۆلاری کوردانیش بۆ تورکستان بەرێتەوە چ نیشانەی کوردایەتییە.

پاشان نازانم برای نووسەر بۆ ئاوا داخ لە دڵە بەرامبەر بە زانایانی ئایینی، خۆ وەك ئەو دەڵێت نەچووەتە نوێژی هەینی، هەر بە گێڕانەوە ئاوا زگی خۆی دڕاندووە، خۆ رۆشنبیرانی کورد بە تایبەتی لە هاووڵاتی و میدیا زۆر بە روونی و بە ئاشکراو بڕ پێچ و پەنا لەسەر هاتنی بەو برا کوردە تورکەیان نووسیوە بۆ دەبێت باس لە شتێکی گێڕدراوەی زانایانی ئایینی بکات، لە کاتێکدا باس لە شتێکی بەرچاوی خەڵکانی دیکە نەکات، کە ئەوەی زانایانی ئایینی چارەکی برا رۆشنبیر و نوسەرەکان نییە، ئیدی نازانم کوردایەتی ئیبراهیم تورکی لە کوێدایە.

لە هەمووی سەیرتر ئەو گوللە بە تاریکی وەنانەیە بۆ وتاری هەینی زانایانی ئایینی، ئەو بەڕێزە نازانم بۆ 90%ی کارە جوانەکانی زانایانی ئایینی نابینێت، کە دەڵێت بۆچی زانایانی ئایینی لە وتارەکانی هەینیدا باسیان لە سەفەرە مێژووییەکەی سەرۆك بارزانی بۆ دەرەوەی هەرێم ناکەن و ، بۆچی باسی ئەو هەمو چالاکیانە ناکەن کە حکومەتی هەرێمی کوردستان بەرهەمی هێناون، برای بەڕێزم هەرچەندە ئەو سەرنجەی تۆ جێگەی ئەوە نییە وەڵام بدرێتەوە، چونکە خۆت لە سەرەتای نووسینەکەتدا دەڵێی (ئەز نەچوومەتە نوێژی هەینی) کەواتە هەقتە وا بزانی کە باس نەکراوە چونکە تۆ ناچیتە مزگەوت و گوێت لێیانەوەنییە، قاسیدەکانیش ئەوانەی وتارەکانی هەینیت بۆ دەگێڕنەوە لەوانەیە زۆریان لەوانە نەبن کە ئەو شتە جوانانەت بۆ باس بکەن، بۆیە هەقتە وا تێبگەی، ئەگەرچی پێچەوانەی واقیع و راستیشە، چونکە ئەوەی زانایانی ئایینی لەسەر دوانگەی مزگەوتەکانەوە دەیبێژن زۆر لەوە زیاتریشە کە جەنابت داوای دەکەی، وتاربێژەکان سەردانەکەی سەرۆکیان نەك جارێك و دوو جار بەڵکو چەندەها جار باسی ئەو سەردانەیان کردووە و ، لە زۆربەی وتارەکانیشیان نەك هەر باسی حکومەت دەکەن، بەڵکو وەك ئەرکێك دوعای پاراستنی بۆ دەکەن، کە ئەوەش خۆی لە خۆیدا پەیامێکە دەچێتە ناو هزری جەماوەر کە حکومەت و وڵاتی خۆیان خۆش بووێت، لەوەش زیاتر بەشی هەرەزۆری ئەو خەڵکانەی کە دەهاتن دەنگیان بۆ دەستوور و هەڵبژاردندا ئەوانە بوون کە دەهاتنە مزگەوت و بە پیر داوای وتاربێژەکانی مزگەوتەوە دەچوون، ئێستاش وێنەی ئەو مام حاجیەم لە بەرچاوە کە ئەنگوستە بە مۆرەکەی کاتی دەنگادنی بۆ بەرچاوی وتاربێژی مزگەوت بەرز دەکردەوە و دەیگووت: لە رۆژی قیامەت تۆ لەوە بەرپرسی ئەگەر لەبەر ئێوە نەبووایە قەت دەنگم نەدەدا، تا ئەوەی لەو کاتەدا مامۆستایەکی بەڕێز ئەو وتارەی جەنابتی دەخوێندەوە دەیگووت وامان لێهاتووە قەت باسی هیچ نەکەین چونکە هەر چەندە باس دەکەی ئەوان نایبینن، بۆیە ئەو زانا بەڕێزانە لەبەر ئەوەی نەك بە دانیشتوویی و مووچەیەکی باشەوە لە رۆژنامەیەك هەندێك قسەی گەورە بکات، بگرە لەسەر مینبەر و لە هەموو کۆڕ و کۆبوونەوەیەك پڕ بە دەنگیان پارێزگاری لە حکومەتی هەرێمی کوردستان و دەسکەوتە مەزنەکانی دەکەن. بە پێچەوانەی ئەوانەی بە ناوی دیموکراسیەت و پێشکەوتن و ئەوانەی کاریگەرن بە بیری دەرەوەی خۆیان هەمیشە شتی نامۆ پێشکەش بە جەماوەر دەکەن، ئەوانەی تا شتێکی رەسەن پیانی جەماوەر دەدەن و شتێکی رەسەنیان بۆ دەڵێن بە سەدان شتی نامۆیان پێشکەش دەکەن، ئەوانەن جەماوەریان وەرەز کردووە، پاشان لەوەش سەیرتر بۆ جەنابێکتان ئاساییە ئەگەر باسی میحراب و مزگەوت بکەن، ئەمە قودسیەت نییە، بەڵام بۆ وتاربێژێك بڤەیە وەك هەر نووسەر و رۆشنبیران و وەك هەر کەسێکی دیکەی کوردستان باس لە گۆرانیبێژێك بکات، بۆ جارێك لە جاران نەمان دیت بەڕێزتان باس لە هەولڕ و هیممەتە یەك لە دوا یەکەکانی زانایانی ئایینی بکەن، مەگەر زانایانی ئایینی لە ریزی گەلەوە شەهیدی دەستی تیرۆر نەبوونە، ئەگەر مزگەوت ئەو پەیامە خراپەیە وەك ئێوە تێی دەگەن، کمەگەر هەر مزگەوت نەبوو بە هەزاران کەڵە مرۆڤی کوردی پێگەیاند، مەگەر ئەوەی ئێستا لەسەری دادەنیشی و لەسەری دەخەوی و دەیخۆی هەمووی بەرهەمی ئەو شۆڕشانە نییە، کە دەرچووانی ناو مزگەوت بۆ کوردیان هێنا بەرهەم، مەگەر ئازادی تۆ بەرهەمی خەباتی شێخی نەمر و قازی و مەلا مستەفای بارزانی و هەرزانی وەك ئەوان نییە، مەگەر ئەوانە لە کوێوە هاتبوونە بەرهەم، ئایا بەرهەمی مزگەوت بوون، یان بەرهەمی زانکۆکانی سۆڤیەت و . . . هەر زانکۆیەکی دیکە بوو، مەگەر هەر مزگەوت و وتاریهەینی نەبوو، وای لە جەماوەری کوردستان کرد بە هیچ شێوەیەك سەر بۆ دوژمن نەوی

نەکەن، مەگەر هەر مزگەوت نەبوو وای لە شاری هەولێر کرد بە روح و گیان و مالڕ هاوکاری لێقەماوانی هەڵەبجە و بادینان بکەن، مەگەر مەگەر مەگەر. . . چۆن ئەو هەموو شتانە و ئەو مێژووە درێژەی جوان و پیرۆزی مزگەوت بە چەند شتێکی سەیرۆکەی تەنها بیریتیە لە مومارەسەی هەڵەی خەڵکێك بۆ ئیسلام نەك مزگەوت و ئیسلام بێت. بۆیە بە بڕوای من هەموو تاکێکی کورد قەرزاری مزگەوت و تەکیە و خانەقا و وتاری هەینی مزگەوتەکانی کوردستانە. هیواداریشم رۆژێك دابێت ئەو بەڕێزانەی باسی مزگەوت و مامۆستایانی ئایینی دەکەن بهاتنایە مزگەوت و خۆیان گوێیان گرتبا.

دوا وتەم ئەوەیە هەم بۆ ئەو بەڕێزە و هەموو ئەوانەی وەك ئەو لەسەر وتاربێژان دەنووسن، ئەگەر ئێوە مەبەستتان ئیسلاحە و مەبەستتان تەشهیرکردنی مزگەوت و زانایانی ئایینی نییە، لە نیازپاکی ئەو قسانە دەکەن، خۆ لە بری ئەوە رێگایەکی زۆر چاکتر و شارستانیتر هەبوو، بەوەی بهاتنایە یان هەر تەلەفۆنێکتان بۆ وەزارەتی ئەوقاف یان راگەیاندنی وەزارەتی ئەوقاف بکردایە و ئەوانیش وەك دەزگایەك دەیانتوانی ئیجرائات لەگەلڕ فەرمانبەرانی سەر بە وەزارەتەکەیان بکەن، ئیدی هیوادرام شتەکانمان بە شارستانی بێت نەك بە ناو زڕاندن و باسکردنی لابەلا.